لە فاشیزم وبەرەوڕووی دیمۆکراسیدا

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com

لەمێژووی فاشیزم وداگیرکاریداهەمیشەحەق ژێر پێدەنرێت,ستەم وسەرکوت ڕەوایە,خاك و وڵات داگیردەکرێت,کلتوور ونەریت وجەژنەکانی نەتەوەی ژێردەست دەشێوێنرێت,مرۆڤەکانیشی ڕووبەڕوی کوشتن,و,زیندان,دەبنەوە,بەجۆرەهاشێوەسوکایەتیان پێدەکرێت,یان هەرنەبێت ,مرۆڤەکان بێئیرادەو دەستەمۆدەکرێن,مێژووی داگیرکاری وزۆرداریش لەبەرامبەرخەڵکی کوردستان مێژوویەکی درێژە,بەڵام لەسایەی دەسەڵاتی فاشیزمی بەعس ,سەرکوت ودا پڵۆسین گەیشتەلووتکە,ئەوەی نازیزمی ئەڵمان لەبەرامبەرجوولەکەکان کردیان,ناسونال فاشیزمی بەعس لەبەرامبەرخەڵکی کوردستان بەشێوازوجۆری درندانەترودریژماوەتر ئەنجامیان دا,کەرکوکی پایتەختی ئەرەبخا,کە ,کوردودانیشتوانەڕەسەنەکانی لەبۆتەی شین وشایی پێکەوەژیانی مێژووداتوابوونەوە,لەسایەی دەسەڵاتی سەرکوتی بەعسدا,کرایەشاری ئاشوب وکین وبوغزی نەتەوەیی,بووە سیمبولی غەدرووچەوساندنەوە لەکورد,,لە پرۆسەی هەڵبژاردن ودەرکەوتنی خۆری ئازادیدا,کەرکوك گەڕایەوە سەرڕەوتی مێژووی سروشتی خۆی ولیستی کورد و پێکهاتەڕەسەنە کەی ئەوشارە,بەهاوسەنگیەکی زۆرجیاواز,بووەبراوەی گرەوی ئازادی و دیموکراسی, ,شاری موسل یش کەلەڕووی پێگەوجوگرافیا شارێکی کوردستانی بوو,لەڕووی دیمۆگرافی شەوە,شاری نەتەوەوئاینەجۆراوجۆرەکان بوو,لەسایەی فاشیزمدا بووەیەکەم بنکەی ئەشکە نجەدان و کرابەکارگەی کوشتن ولەسێدارەدانی ئەوشۆڕشگێڕانەی, لەسەربەرگریکردن لەئازادی وسەربەستی بۆنەتەوەکەیان دەگیران,بەرهەمی گارگەی لەسێدارەدانی موسل خنکاندنی هەزاران جوانەمەرگی شۆڕشگێڕبوو کەژیانیان بۆ هەتاهەتایەگۆڕیەوەبەئازادی, خێزانەکانیشیان دڵ تۆراو بوون بۆهەتاهەتایی لەهەمووخۆشیەك,.لەجێگرتنەوەی فاشیزمدا بە دیمۆکراسی وئازادی,سەرەڕای هەزارویەك لەمبەروتەنگ پێهەڵچنین لەپاش ماوەو کلتوری بەعس,هەڵبژاردن ودیموکراسی چۆکی دابەفاشیزم ومۆرکی کوردستانی بوون وپێکەوەژیانی دایەوەلەشاری موسل,,کوردیش سرودی بۆئازادی خۆی و,تەواوی ئەو نەتەوانەی لەژێرستەمی میلی دان چڕی,,,,,,